

وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد

# پرسی تەکفیر و تیرۆر

## گفتوگۆ لەگەڵ د.نەسر حامد ئەبوزێد

**بیرۆکەی تەکفیر لە میسردا (بە شێوەیەکی تایبەت)، لە چ هەلومەرجێکدا هاتە گۆڕێ؟ کێن ئەوانەی لەپشت ئەو پرسەوەن و خواست و مەبەستیان چییە؟**

-بارودۆخی هاتنە ئارای تەکفیر لە میسردا شتێکی ئاشکرایە. بە چەمکی جاهلیەتی تەواوی کۆمەڵگەی ئینسانیەکان دەستیپێکرد، لەبەرئەوەی مل بە حاکمیەتی یەزدان نادەن و لەبری ئەوە حاکمیەتی مرۆڤیان قبوڵە.

سەید قوتب ئەم چەمکە لە بیرمەندی هندی (ئەبو ئەعلای مەودودی) دەخوازێت. وەك دەزانرێت سەرچاوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی مەودودی، ئەو دۆخە دژوار و ناهەموارە سیاسیە بووە کە لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەنێوان هندۆس و موسڵمانانی هندستاندا لەئارەدابووە. لەو قۆناغ و بارودۆخەدا موسڵمانان لە هەوڵی ئەوەدا بوون، پێداگری لەسەر شوناسی ئاینییان بکەنەوە و ئەوەش لەسەر حیسابی شوناسی نەتەوەییان بووە.

هەرچی سەرچاوە فیکرییەکانی مەودودیشە، سەرچاوەی وەهابیزمن و (ڕەشید ڕەزاش) ڕۆڵی هەبووە لە هێنانی ئەو سەرچاوەیە بۆ ناو فیکری میسری و پشت ئەستور بەوەش، فیکری (حەسەن بەننا)ی دامەزرێنەری ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە ساڵی 1928، دەست پێدەکات.

لە نووسینەکانی (سەید قوتب)ـەوە بزاوتی ئیخوان موسلمین، چەندین دەستە و تاقمی لێجیابووەوە و یەکێك لەوانەش گروپی تەکفیرییەکان بوون کە بە گروپی (تەکفیر و هیجرە) و ئەو دەستە و تاقمانەی تر دەستی پێکرد کە بیرکردنەوەیان لەسەر تەکفیرکردنی کۆمەڵگە و بانگەشەکردن بۆ جیابوونەوە و دژایەتیکردنی دامەزرابوو.

بەڵام ئەوانەی پشتیوانین -لە ئێستادا پشتیوانی هزری تەکفیرن- جۆرەها دەستە و تاقمن و زۆربەشیان گروپی ئایینین، هەندێکیشیان گروپی غەیرە ئایینیین کە تەکفیری سیاسی و کۆمەڵایەتی پەیڕەو دەکەن.

تەنانەت دەوڵەتیش بە دەزگا سیاسیەکەی و لە ڕێی (ئەنجومەنی گەل)ـەوە، تەکفیری سیاسی پەیڕەودەکات و ئەوەش مەترسیدارترە. هەروەها لەڕێی دەزگا ئەمنییە سەرکوتکەرەکەشیەوە ئەوە دەکات، کاتێك لەسەر بنەمای ئایین جیاوازی لەنێوان هاوڵاتیاندا دەکات، ئەوەش جۆرێکە لە تەکفیرکردنی مەترسیدار.

تێکڕای شێوازەکانی تەکفیری ئایینی و سیاسی و ئەتنیکی و کلتوری، پشت بە کولتوورێك دەبەستێت کە لە کۆمەڵگەی میسری و کۆمەڵگەی عەرەبیدا باوە، ئەویش کولتووری تەریککردن و وەلانانە.

کولتوورێکی لەو جۆرە دژ بە بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوە وەك ئاقارێك بۆ پەیبردن بە مەترسی تەکفیر. تەکفیرکردن کۆدێتاکردنە بەسەر بیرکردنەوەدا، هیچ سەیرێکیش لەوەدا نییە، چونکە هەردوو زاراوە زمانەوانییەکە (فیکر و کوفر)، دەچنەوە سەر یەك کەرەستەی زمانەوانی و یەك بنەچەیان هەیە. «ف» و «ك» و «ر» (فکر)، هەڵگەڕاونەتەوە و «ك»یش پێش

«ر» کەتووە و بەو جۆرە «تەکفیر» هەڵگەڕاوەتەوە و بۆتە «تەکفیر».

**پێشبینیت چییە بۆ ئەم تەوژمانەی تەکفیر کە بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەك، هەرچی بێتە بەردەمییان ڕایدەماڵن. بۆنمونە لە ئێستادا نامەی ماجستێرێکمان لایە کە خوێندکارێك نووسیویەتی، دەربارەی (بنەمای ئایین)ـە و گۆڤاری (روز اليوسف) تەکفیردەکات لە ڕۆژی دەرچونیەوە و بەتەواوی ئەو کارمەند و نووسەرانەشەوە کە کاریان تێداکردووە؟**

-ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە، داهاتووی نییە. داهاتوو ماناوێت یان نا، بۆ کۆمەڵگەی کراوەیە. کۆمەڵگەیەك کە خەڵك تێیدا باوەڕیان بە یەك ئایین هەیە، ئەویش (هاوڵاتی)بوونە.

لەوێدا لەسەر بنەمای ئایین یان ڕەگەز یاخود ڕەنگ یان کولتوور، جیاوازیی لەنێوان کەسەکاندا ناکرێت. تاکە جیاوازییەك کە بکرێت لەسەر بنەمای (لێهاتویی)یە، لەگەڵ فەراهەمکردنی دەرفەتی چونیەك لەبەردەم تەواوی هاوڵاتیاندا، بۆ فێربوون و بەدەستهێنانی زانست و زانیاری. ئەوەی ئێستا لە میسردا ڕوودەدات، گەندەڵییە لە هەموو بوارەکان و لەسەر هەموو ئاستەکان. ترسناکترینیشیان گەندەڵبوونی دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنە.

ئەو گەندەڵییە ڕێی خۆشکرد مۆڵەت بە نامەی (تەکفیریی) بدرێت و هەر ئەوەشە ناهێڵێت توێژەرە ڕاستەقینەکان (ئەوانەی شایستەی ئەو ناوەن)، پلەیان بەرزبێتەوە و بچنە پێشەوە.

**ئەی کێ بەرپرسیارە لەوەی ئەم بانگەشە و بانگەوازەی تەکفیرکردن، بەم شێوەیە بەردەوامبێت؟**

-بەرپرسیاری یەکەم، ئەو دۆخە ئاڵۆز و ناهەموارە سیاسی و ئەتنیکی و مەزهەبییەیە کە تەواوی ناوچەکەی گرتوەتەوە... تەکفیرکردن ئەوپەڕی هەوڵدانە بۆ بەتەنگهێنان و گەمارۆدانی ئەوی دیکە، بگرە نزیکترین ڕێگەیە بۆ کوشتن لەو کۆمەڵگایانەی، شوناسی هاووڵاتییان لە ئاییندا کورتکردۆتەوە. تەنانەت وای لێهاتووە دەوڵەتیش شوناسی خۆی لە (ئایین)دا کورتدەکاتەوە، هەرچەندە دەوڵەت- پارادۆکسەکەش ئەوەیە- نەنوێژ دەکات و نە ڕۆژوو دەگرێت و نە فەریزەی حەج جێبەجێدەکات. سەرەڕوخێتێك دەوڵەت دەبێتە خاوەنی (ئایین)، ئەوا جیاوازیی لەنێوان هاوڵاتیاندا دەکات، لەو هەڵاوێرد و جیاوازیکردنەشدا چەمکی تەریککردن و وەلاوەنان خۆی مەڵاسداوە.

**لەژێر سایە و پەنای ئەم کۆت و بەندانەدا، داهاتووی میسر چۆن دەبینیت؟ ئایا پێت وایە تەکفیرکردن هەندێ جار لەجێی خۆیدایەتی، بەتایبەت کاتێك هەندێك ئیستفزازی فیکری ئیماندار ان دەکەن و جاری واهەیە دەگاتە ئاستی نکوڵیکردن لە ئایین، ڕێك و ڕاست و بێ هیچ پێچ و پەنایەك؟**

-گەر دۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت، داهاتوو ترسناکە. ئەو پێشنیارانەشی بۆ دەستکاریکردنی دەستوور خراونەتەڕوو، مانای بەردەوامبوونی دۆخەکە وەکو خۆی دەگەیەنێت.

بگـرە دەیەوێـت میـسر بـۆ سـستمی پاشـایەتی و مانـەوەی دەسـەڵات بـە میراتـی لـە باوکـەوە بـۆ کـوڕ. (کـە بـە مانـای گەڕانـەوە دێـت بـۆ سـەدەکانی ناوەڕاسـت)، بـەرەودواوە بەرێـت.

هەرگیـز پێـم وانییـە هیـچ تەکفیرکردنێـك كارێكـی ڕەوا بێـت، هەمـوو تەکفیرکردنێـك تاوانـە. ئیـتر بەهانەکانـی هەرچییـەك بـن. ئـەو ئیماندارەی گێچەڵـی ئێرە و ئـەوێ بـە مەترسـی بۆسـەر ئیمانداریيەکـەی دەبینێـت و داوا لـە تـەواوی خەڵکـی دەکات ئیمانداربـن، لەڕاسـتیدا ئیمانداریێکـە بڕوایەکـی لـەرزۆك و ئیمانێکـی لاوازی هەیـە.

ئێمـە لـە ئـازادی دەترسـین -ئەگەرچـی دوا پەناگەمانـە- و هەوڵدەدەیـن مـەرج و کۆسـپی بـۆ دروسـت بکەیـن. هەرچەنـدە ئـازادی توانـای ئـەوەی هەیـە، خـۆی ڕاسـت بکاتـەوە. سـەیر لەوەدایـە ئێمـە و مانـان، تـەواوی دەرەنجامەکانـی خەسخەسـە (بەتایبەتیکـردن) و بـازاڕی ئازادمـان قبوڵـە، کەچـی نامانەوێـت ئۆباڵـی هەندێـك دەرەنجامـی ئـازادی -ئـەو ئازادییـەی هەمووـمان دەمانەوێـت- لەئەسـتۆبگرین. لەپێشـی هەمووشـیانەوە ئازادیـی ئایینـی (ئـازادی ئـەوەی باوەڕبهێنیـت یـان نـا، ئـازادی ئـەوەی ئـەم دیـن هەڵبژێریت و واز لـەو دیـن بێنیـت).

**خاڵـی جیاکـەرەوەی نێـوان ئیجتیهـادی زانسـتی و حەزکـردن بـە خسـتنەڕووی بیـر و بۆچونـی تایبـەت و نـاوازە لـە کۆتاییدایـە. چـۆن دەکرێـت ئـەو مەسـەلانە ڕێکبخرێـن؟**

-وەك باسمانکرد ئایدیا سـەیر و سـەمەرەکان، تەنها بـەو بیـر و بۆچونانـە بەریـان پێدەگیرێـت و ڕاسـت دەکرێنـەوە کـە لەسـەر ئیجتهـادی زانسـتی ڕۆنرابێـت. بـەڵام جێـی داخە لـە کۆمەڵگەکانـی ئێمـەدا لـە پـرس و باسـی هـزری ئایینییدا، ڕێگـە بـە ئیجتهادی زانسـتی نادرێـت.

ئێمـە لـە دۆخێکـی چەقبەسـتویی مەعریفـی و دۆگمابوونـی فیکریـدا دەژیـن و هەندێك جار پێویستمان بـەو بیروبۆچونـە ناجۆرانـە دەبێـت، تـا لـەو حاڵەتـە بێینـەدەرێ. پاشـان هەندێـك لـەو شـتانەی ئێسـتا بـە ناجـۆر و نابەجێیـان دەبینیـن، ڕەنگـە لـە داهاتـوودا ببنە هزرێکـی پەسـەند و قبوڵکـراو. کـێ چوزانێـت؟

**ئێمە لە ئازادی دەترسین و هەوڵدەدەین مەرج و کۆسپی بۆ دروست بکەین. هەرچەندە ئازادی توانای ئەوەی هەیە، خۆی ڕاست بکاتەوە. سەیر لەوەدایە ئێمە و مانان، تەواوی دەرەنجامەکانی (بەتایبەتیکردن) و بازاڕی ئازادمان قبوڵە، کەچی نامانەوێت ئۆباڵی هەندێك دەرەنجامی ئازادی لەئەستۆبگرین**

**ئـەو چوارگۆشـەیە کامەیـە کـە پێویسـتە کۆمەڵگـە لـە سـایەی ئـەو بگـرە و بەردەیـەدا، ئۆقـرەی تێدابگرێـت؟**

-ڕەنگـە یەکێـك لـە گرنگتریـن ئـەو ئاڵناگارییانـەی ڕووبـەڕووی کۆمەڵگەکانـی ئێمـە ببێتـەوە (لـەو شـتانەی پەیوەندییـان بـە ئیسـلامەوە هەیـە)، ئـەو بەکارهێنانـە ئایدیۆلـۆژی- پراگماتیـەی ئیسـلام بێـت، بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدی و گەیشـتن بـە ئامانجگەلێـك کـە خەسـڵەتێکی لۆکاڵـی و خێـرا و بەپەلـە و دیاریکـراوی هەیـە. بەکارهێنانـی ئیسـلام بـەو جـۆرە لەلایـەن دەسـتە و تاقمێکـی سیاسـی دیاریکـراوەوە بێـت، یـان لەلایـەن ئـەو ڕژێمـە سیاسـیانەوەبێت کـە هیـچ ڕەوایەتیەکـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و یاسـاییان نەمـاوە، ئاکامەکـەی یـەك شـتە. ئەویـش گۆڕینـی ئیسـلامە بـۆ ئامرازێـك لـە ئامـرازەکان و کورتکردنەوەیەتـی، بـۆ مەبەسـت و ئامانجێـك کەخەسـڵەتێکی دنیایـی ئاسـت نزمیـان هەیـە.

با وەك نموونەیەك دیقەت لە دەستەواژەی (ئیسلام ئایینێکـی هەمەلایـەن و سـەراپاگیرە) بدەیـن. کـە گرنگتریـن ڕۆڵ و ئامانجـی، ڕێکخسـتنی کاروبـاری ژیانـی مرۆڤەکانـە چ لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵایەتـی و چ لەسـەر ئاسـتی تاکەکەسـی و خۆهەڵقورتاندنـە لـە هەمـوو شـتێکدا. هـەر لـە سیسـتەمی سیاسـیەوە، تـا دەگات بـەوەی مـرۆڤ چـۆن لـە ئاپخانـەدا خـۆی پاقژدەکاتـەوە.

ئـەم دەسـتەواژەیە ئەوەمـان پێدەڵێـت کـە مـرۆڤ کاتێـك دەبێتـە ئیسـلام، ئیتـر بـە لەدایـك بـوون و بـە میراتـی و بۆماوەیـی بێـت یاخـود بـە هەڵبژاردنـی خـود هۆشـیاریانە بێـت، ئـەوا پێـی خـۆش بێـت یـان نـا دەبێـت دەسـتبەرداری خەسـڵەتی مرۆییانـەی خـۆی بێـت وەك تاکـە کەسـێك.

**سەرچاوە: گۆڤاری (الادب)ی میسری.**